# له دیمانەیەکی تایبەت بە گوڵان:

## باڵیۆز پێر ریچارد پراسپێر

**نوێنەری تایبەتی سەرۆک بوش و داڕێژەری سیاسەتی بەرپەرچدانەوەی تیرۆر**

# زۆر گرنگە کوردستان لە گەشەسەندن بەردەوام بێت و پێویستە نەهێڵرێت بکەوێتە تەنگژەوە



**باڵیۆز(پێر ریچارد پراسپێر) بەرێوەبەری ئوفیسی ئەمەریکا بۆ تاوانەکانی جەنگ لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکایە و داڕێژەی سیاسەتی ئەمەریکایە بۆ وەڵامدانەوەی کێشە قورسەکان و شەڕی تیرۆر لەسەرانسەری جیهاندا.**
**باڵیۆز پێر راستەوخۆ راپۆرتی بۆ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا پاول و کوندالیزرایس نووسیووە و رێنمایی پێشکەش بە سەرۆک بوش و وەزیری بەرگری و راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا دەکات و سەرۆکی دەستەی دانوستاندنی شەڕی تیرۆر بووە دوای کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر،**
**ئەندامی شاندە دیپلۆماتییەکان بووە لەگەڵ وەزیری بەرپرسە باڵاکانی حکومەتی ئەمەریکا بۆزیاتر لە ٦٠دەوڵەت و، بە نوێنەرایەتی تایبەتی سەرۆک بوش سەردانی نزیکەی ٤٠دەوڵەتی کردووە لە ئەفریقیا و ئاسیا و ئەورووپا و رۆژهەڵاتی ناوەراست و باشووری ئاسیا و چەندین سەردانی ناوچەی تەنگژەکانی کردووە و هەوڵیداوە ئاشتی و سەقامگیری و سەروەری یاسا بچەسپێنێ، باڵیۆز ریچارد پیرۆس کە خاوەنی ئەزموونێکی گەورەیە لە سیاسەتی ئەمەریکادا سەبارەت بە سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا و ئایندەی هەرێمی کوردستان، بە تایبەت بۆگوڵان هاتە ئاخاوتن، بەڵام مەرجی باڵیۆز پێر ریچارد لەم دیدارە تایبەتەدا ئەوە بوو کە پێویستە گوڵان ئاماژە بەوە بکات ئەم بیروبۆچوونانە دەربڕی بۆچوونی شەخسی باڵیۆز پێر ریچاردە نەک بۆچوونی حکومەتی ئەمەریکا، ئێمەش خوێنەرانمان ئاگادار دەکەینەوە، باڵیۆز پێر ریچارد ئەم بۆچوونانەی دەربڕی رای شەخسی خۆیەتی و دەربڕی سیاسەتی ئەمەریکا نییە، هەروەها خوێنەرانمان ئاگادار دەکەینەوە کە دەقی ئەم دیمانەیە و بەشێک لە ژیانی باڵیۆز ریچارد بە زمانی ئینگلیزی لە سایتی**
**گوڵانwww.Gulan-media.com بڵاو دەکەینەوە.**
**ئەمەش دەقی بۆچوونەکانی باڵیۆز پیر ریچاردە تایبەت بە گوڵان.**

**دانانی خشتەیەکی زەمەنی بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا کارێکی لۆژیکانە نییە.**

باوکانی دامەزرێنەری دەستوور لە ئەمەریکا سەبارەت بە سەرکەوتن و شکستی بڕیاری سیاسی دەڵێن: "ئەگەر بڕیارەکەم سەرکەوتوو بوو گرنگ نییە بەرامبەر چی دەڵێت، بەڵام ئەگەر بڕیارەکەم سەرکەوتوو نەبوو، ئەو کات ئەوەی گرنگ نەبێت، ئەوەیە کە من دەیڵێم".

ئێستا سەرۆک بوش لە دووڕیاندایە، نە ئاسۆی سەرکەوتنێکی روون سەبارەت بەو بڕیارە دیارە کە لە شەڕی عێراقدا داویەتی، نە ئاسۆی شکستێکی دیاریش دیارە، هەر بۆیە ناکرێت قسەی هیچ لایەک بێ بایەخ سەیر بکرێت، ئێستا ئەو قسانەی لەلایەنی دیموکراتەکان بەو سیفەتەی زۆرینەن لە کۆنگریس، هەروەها رای گشتی گەلی ئەمەریکاوە دەکرێت، بەرامبەر سیاسەتی سەرۆک بواری لەعێراق بە بایەخ سەیر دەکرێن، هەروەها جەختکردنەوەی سەرۆک بوشیش بۆ سەرکەوتن لە عێراقدا هەر بایەخی خۆی هەیە.

لەم دووڕیانەدا سەرۆک بوش لە بەردەم دوو گوشاری گەورەیەدا: یەکەمیان ئەو گوشارەی ئێستا لە لایەن کۆنگریس و رای گشتییەوە خراوەتە سەری و ئەوی دیکەشیان گوشاری مێژووە، سەرۆک بوش دەبێ ئەوەی لەبەرچاوبێت ئەگەر لەم بڕیارەوە سەرکەوتن بەدەست نەهێنێ مێژوو هەوڵ و ماندوبوون و قسەکانی لەبەرچاو ناگرێت، ئەگەر سەرکەوتنیش بەدەست بهێنێت، ئەوا مێژوو هەر ئەو قسانە دەنووسێتەوە کە سەرۆک بوش دەیڵێت، هەفتەی رابردوو ئەنجوومەنی سەنات لە کۆنگریسی ئەمەریکا بوودجەی هێزەکانی ئەمەریکای بە مەرجی دانانی خشتەیەکی زەمەنی بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا پەسەند کرد، بەڵام ئەمجارەش سەرۆک بوش تەسلیمی ئیرادەی کۆنگریس نەبوو بە ڤیتۆ ئەو بڕیارەی رەتکردەوە،



**زۆر گرنگە سەرکردەکانی عێراق بەرپرسیاریەتی و رۆڵی خۆیان بزانن و گەشەی پێبدەن، هەروەها سەرکەوتن لەو کاتەدا دەبێت کە تیرۆریستان و دوژمنانی عێراق ببینن عێراق لە توانایدا هەیە و ئامادەباشە کە گرفتەکانی خۆی چارەسەر بکات و بەرەو دیموکراسیەکی بەهێز هەنگاو دەنێت**

دەربارەی ئەو بڕیارە بوێرانەیەی سەرۆک بۆش باڵیۆز پیرریچارد پراسپیر بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەروو:

"ئەوە زۆر گرنگە سەرۆک وەک فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی ئەمەریکا، بڕیارێک دەدات کە ئەو پێی وایە باشترین بەرژەوەندی وڵاتی تێدایە و باشترین هەل بۆ سەرکەوتن پەسەند دەکات، بەڵام پێویستە سەرۆک گوێ لە راوێژکارە سەربازییەکان و ژەنراڵەکان بگرێت و باشترین حاکمیی بکات.

لە دروستکردنی ئەم بڕیارانەدا پێویستە سەرۆک دوای راپرسی گشتی نەکەوێت، بەڵکو پێویستە بزانێت کام هەنگاو راستە، سەرەنجام سەرۆک بۆش دەبێ بەرامبەر بە گوشارەکان رابوەستێت و لە کاتێکی گونجاودا بڕیاری پێویست بدات.

دانانی خشتەی زەمەنی لە هەر تەنگژەیەکدا، ستراتیژیەکی لۆژیکانە نییە و تێروانینێکی وا لەلای دوژمن دروست دەکات کە عەزیمەمان لاواز بووە، لە حاڵەتی عێراقدا ئەوەی گرنگە ئەوەیە هەوڵبدرێت کەشوهەوایەکی سەقامگیر دابین بکرێت پێش ئەوەی هەر لێدوانێک بدرێت، ئێستا لە عێراقدا سەرکەوتن لەوکاتەدا دێتە دی کەعێراق ئامادە بێت و لە توانایدا هەبێت تەنگژە و مەسەلەکانی ئاسایش بە خۆی چارەسەر و دابین بکات، زۆر گرنگە سەرکردەکانی عێراق بەرپرسیاریەتی و رۆڵی خۆیان بزانن و گەشەی پێبدەن، هەروەها سەرکەوتن لەو کاتەدا دەبێت کە تیرۆریستان و دوژمنانی عێراق ببینن عێراق لە توانایدا هەیە و ئامادەباشە کە گرفتەکانی خۆی چارەسەر بکات و بەرەو دیموکراسیەکی بەهێز هەنگاو دەنێت و شەڕەکەش لەسەر رێگەی سەرکەوتنە.

## دەبێ کوردستان نمونە بێت بۆ هەموو عێراق

سەقامگیری و ئاسایش لە هەرێمی کوردستاندا، بەرهەمی دوای رووخانی رژێمی پێشووی عێراق نییە، ئەم سەقامگیری و ئارامییەی هەرێمی کوردستان تەمەنی زیاتر لە ١٥ساڵە و بە ئیرادەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان پارێزراوە و هەر لەم هەرێمەشەوە بەرەیەکی سەرکەوتوو بە هاوپەیمانی هێزی پێشمەرگە کرایەوە و سەرکەوتنی گەورە بەدەستهات، ئێستا ئەم سەقامگیرییە بۆتە رووە گەشەکەی سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا، بەڵام ئایا ئەمەریکا هەوڵدەدات ئەم ئارامی و سەقامگیرییە پارێزراوبێت و ببێتە نموونەیەک بۆ سەرانسەری عێراق؟

باڵیۆز پیرریچارد بەمجۆرە وەڵامی ئەم پرسیارەی دایەوە:

"ئەو ئارامی و سەقامگیرییەی کوردستان، پێویستە وەک نموونەیەک سەیر بکرێت بۆ ئەوەی عێراق بەو ئاراستەیە بەرەو پێشەوە بچێت، زۆر گرنگە ئەو هەرێمە بتوانێت لەسەر ئەو گەشەسەندنە بەردەوام بێت و پێویستە رێگە نەدرێت بکەوێتە تەنگژەوە، پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ هەموو بەرپرسەکاندا کار بکات بۆ ئەوەی گەرەنتی ئاشتی و گەشەندنی کوردستان وعێراق بەرەوپێشەوە بچێت.

## دەبێ تورکیا و هەرێمی کوردستان دان بە هەقیقەتی یەکتریدا بنێن

زۆر لەمێژە دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی کوردستان ئامادەباشی خۆی بۆ پەیوەندی دۆستانە لەسەر بنەمای رێز و بەرژەوەندی هاوبەش دەربڕیوە، بەڵام تورکیا بە دیدێکی دیکە سەیری ئەم هەرێمە ئارام وسەقامگیرە دەکات وتا ئێستاش ئامادە نییە وەک هەرێمی کوردستان ناوی بەرێت، ئێستا وەک ئەمری واقیع هەرێمی کوردستان وتورکیا دووهاوپەیمانی ئەمەریکان لە عێراق وناوچەکە، حکومەتی کوردستان بایەخ و پێگەی دەوڵەت و حکومەتی تورکیا دەزانێت و دەیەوێت دراوسێیەکی باشتر بێت بۆ تورکیا و، دراوسێیەکی باشیشی هەبێت، بەڵام تورکیا دان بەم واقیعەدا نانێت و بەزمانی هەڕەشە وەڵامی ئامادەباشییەکانی حکومەتی کوردستان دەداتەوە.

دەربارەی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، باڵیۆز ریچارد گوتی:

"زۆر گرنگە هەردوولا "تورکیا و هەرێمی کوردستان" ئیعتراف بە هەقیقەتی بوونی یەکتری بکەن، پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش لەسەر گێرانی رۆڵێکی دیپلۆماتی بەردەوام بێت بۆ ئەوەی زامنی بوونی هەرلایەکیان بە ئاشتی بکات، ئەو تەنگژەیەی ئێستاش لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا هەیە، زۆر گرنگە و دەبێ بە رێگەی دیالۆگ چارەسەر بکرێت، پێموایە تورکیا لەوە تێدەگات ئاکامی هەر کارێک دژی کوردستان بەرەو کوێ دەچێت.




پێمواية توركيا لەوە تێدەگات ئاكامی هەر كارێك
دژی كوردستان بەرەو كوێ دەگات

**زۆر گرنگە هەردوولا "توركيا و هەرێمی كوردستان" ئیعتراف بە هەقیقەتی بوونی یەكتری بكەن، پێویستە ئەمەریكاش لەسەر گێڕانی ڕۆڵێكی دیپلۆماتی بەردەوام بێت بۆ ئەوەی زامنی بوونی هەرلایەكیان بە ئاشتی بكات**

I belive that Turkey understand the consequenes of adveres action toward Kurdistan

هەورەها بۆچوونی ئەمەریكاش لەم مەسەلەیە دەزانێت، دووبارەی دەكەمەوە، زۆر گرنگە ئەم مەسەلەیە بە دیالۆگ چارەسەر بكرێت و پێویستە كەشوهەوای ئەم دیالۆگە لەلایەن ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا و ئەو لایەنانەی بایەخ بەم كێشەیە دەدەن، بە شێوەیەكی گونجاو ڕێكبخرێت".

## نابێ ڕێگە بدرێت هەڕەشەی ئێران لە ناوچەكە زیاتر بێت

دەستێوەردانی ئێران لە كاروباری ناوخۆی عێراق لە لایەن ئەمەریكاوە بە كێشەیەكی سەرەكی دادەنرێت، هەروەها پرۆگرامە نیوكلیاریەكەشی بەوەی ئێران پابەند نابێت بە ڕێنمایەكانی ئاژانسی وزەی ئەتۆمیەوە، دیسان هەڕەشەیەكی دیكەیە بۆ سەر ئاسایشی ناوچەكە و جیهانیش. ئەم فاكتەرانە بوونە هۆكاری ئەوەی كە تەنگژەی نێوان ئەمەریكا و ئێران بگاتە ئەو ئاستەی مەترسی جدی لێ بخوێنرێتەوە، دەربارەی ئەم مەترسییە، داڕێژەری سیاسەتی بەرپەرچدانەوەی تیرۆر بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن:

"پێویستە ڕێگە نەدرێت هەڕەشەكانی ئێران بۆ سەر ناوچەكە و جیهان گەشە بكات، ئێران دەبێ بزانێت هەوڵەكانی بۆ تێكدانی سەقامگیری ئاكامی خۆی دەبێت، زۆر گرنگە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی هەرێمەكەش، لەم مەسەلەیەدا لە بەرامبەر ئێران یەكگرتووبن".

## داهاتی نەوت بۆ هەموو عێراقییەكان خاڵێكی ئیجابییە بۆ ریفراندۆمی كەركووك

مەسەلەی كەركووك بۆ سەركردایەتی كورد مەسەلەیەكی هەستیار و چارەنووسسازە، ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكاش پێویستە لەم بۆچوونە تێبگات و بزانێت هەستیاری ئەم مەسەلەیە تا چ رادەیەكە لای كورد، بۆ ئەوەی مەسەلەی گەڕانەوەی كەركووكیش نەبەسترێتەوە بە مەسەلەی نەوتەوە، بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆكی كوردستان بەوە رازیبووە كە ئەم داهاتە بۆ هەموو عێراقییەكان بێت و ئەم مەسەلەیە نەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم گەڕانەوەی كەركووك بۆسەر هەرێمی كوردستان.

**دەربارەی ئەم مەسەلەیە باڵیۆز پێرریچارد گوتی:**

"ئەمە گرنگترین هەنگاوە لەلایەن سەرۆك بارزانییەوە هەڵگیراوە، بەوەی هەموو داهاتی نەوت بۆ دەوڵەتی عێراقی بێت، ئەم هەنگاوەش پێویستە لە هەر پرۆسەیەكی ریفراندۆمدا بە هەنگاوێكی پەسەند سەیر بكرێت، پێویستە هەموو هەوڵەكان بۆ پاراستنی عێراق بێت، دەبێ ئەمەش ئامانجی هەموو لایەنەكان بێت بۆ پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری هەموو وڵاتەكە، هەروەها دەبێ سەركردەكانی عێراق كارێكی زۆر بكەن بۆ ئەوەی بتوانن ئاشتی بەدەست بهێنن، پێویستە لەوە تێبگەن كە عێراق بە ئاشتی و یەكپارچەیی لە بەرژەوەندی هەموو لایەكدایە، تەنگژە و ئاڵۆزییش عێراق دەگێڕێتەوە بۆ دواوە.